ژمارەیەک کەس له وڵاتی دانیمارک کۆپیەکی قورئان و ئاڵای عێراقیان سووتاند

ژمارەیەک کەس لە بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق له وڵاتی دانیمارک کۆپیەکی قورئان و ئاڵای عێراقیان سووتاند.

کەناڵی سکای نیوز ڕایگەیاند، ئەمڕۆ دووشەممە هەندێ کەس کۆپییەکی قورئانیان لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە دانیمارک سووتاند.

بەگوێرەی شایەتحاڵەکان، گروپێکی توندڕەوی دانیمارکی کۆپییەکی قورئان و ئاڵای عێراقیان سووتاندووە لەنێو پاراستنی حکومەت و پۆلیسی ئەو وڵاتە.

ڕۆژی هەینی ڕابردوو، پیاوێک ئاگری لە کتێبێک بەردا کە وتی کۆپییەکی قورئانە لە گۆڕەپانێک بەرامبەر باڵیۆزخانەی عێراق لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک، ئەمەش ڕۆژێک دوای ئەوە هات کە سەدان خۆپیشاندەر هێرشیان کردە سەر باڵیۆزخانەی سوید لە بەغدا بە ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بە سوتاندنی کۆپیەکی قورئان لە ستۆکهۆڵم و مۆڵەتی حکومەتی سوید بۆ ئەو جۆرە کردەوانە.